# ڕەدکردنەوەی (بیکەر-هامیلتۆن) لەکۆڕیکی جەماوەری (پەیوەندی کوردی) لە شاری تۆرۆنتۆ




پاش نیوەرۆی رۆژی یەک شەممە2006/12/17 ، لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا، لە کۆڕیکی کراوەی جەماوەریدا و بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرۆشانی داهاتوی کوردستان ،(پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید) باسێکی لە ژێر ناونیشانی ( گەرانەوە بۆ پاش و مامەلەیەکی سواو) سەبارەت بە راپۆرتی (بیکەر-هامیلتۆن) پیشکەش کرد.

سەرەتای کۆرەکە سامان سەعید بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد، پاشان هۆکار ، روانین و ئامانجی (پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید) بە ئامادەبوان ناساند،هەروەها گرنگی کۆرەکەی خستە روو.

پاشان دارا فەرەج باسەکەی پیشکەش کرد ، کە تیایدا تیشکی خستە سەر عەقلیەتیکی کۆن کە راپۆرتەکەی (بیکەر-هاملتۆن)ی پێ نوسراوە، بەوەی کە لەچارەسەری کیشەکانی عیراق و ناوچەکە بە شوین جیگیری سیاسیە نەک ئالوگۆر ، ئیتر ئەو جیگیریە چ جۆرە دەسەلاتیک دەهینیت بەلایانەوە کیشە نیە ، بۆ ئەمەش دەیەویت پشت بە دەولەتانی ناوچەکە و ئەو لایەنانە ببەستیت کە بۆ خۆیان هۆکاری دروستکردن و قولکردنەوەی کیشەکانن، لە کاتیکدا ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە باسی لە پرۆژەی (رۆژهەلاتی ناوەراستی نوێ ) دەکرد ، کە بریار بوو ئالوگۆر بە قازانجی دیموکراتی لە ناوچەکەدا لەگەل خۆی بهینیت. هەر بۆیە ئەو تیروانینەی راپۆرتەکەی پی نوسراوە وا لە راپۆرتەکە دەکات کە نەک چەند خالێکی بەلکو هەر هەمووی بە زەرەری ماف و دەسکەوتەکانی مەسەلەی کورد وچارەنوسی کوردستان بیت . راپۆرتەکە پێشنیاری بەشداری کردنی دەولەتانی ناوچەکە( تورکیا، سوریا، ئێران) دەکات بۆ چارەسەری کیشەکانی عیراق ،هەر لیرەشەوەیە هیچ گرنگی یەک بە کوردستان نادات و هیچ پرس و رایەکیشیان بە بەهاولاتیان و سەرکردایەتی کورد نەکردوە ، دیارە بەشداری ئەو دەولەتانە لای هەمو کەس روونە بە زیانی مافەکانی هاولاتی کوردو سەربەخۆی کوردستان و ئەو دەسکەوتانەشە کە تا ئیستا بە دەست هاتوون . هەر بۆیە ئیمە سەرجەم راپۆرتەکە رەتدەکەینەوە.

لە تەوەریکی تری باسەکەیدا بۆ رونکردنەوەی هەندیک لە خالەکانی راپۆرتەکە دارا فەرەج باسی لەوە کرد کە (بیکەر-هاملتۆن) بۆ چارە سەری کێشەی نەوت دەڵین داهاتی نەوت دەبیت بە پێی ژمارەی دانیشتوان دابەش بکریت ، لە کاتیکدا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و کێشەکانی کەرکوک و ناوچە کوردی یەکانی تر ئەم فاکتەری ژمارەی دانیشتوانە ناکەنە بنەما، ئەگەر فاکتەری ژمارەی دانیشتوان بەهەند وەردەگرن لە چارەسەری کێشەکان دەبا پیشنیاری ئەوەشیان بکردایە بۆ

**چارەسەری کێشەی کەرکوک وئەو ناوچانەی کیشەی لەسەرە زۆرینە بە فاکتەر وەربگرن،راپرسی ئەنجام بدەن و رای زۆرینە بکەنە بنەمای بریاردان،(بیکەر-هاملتۆن) نەک ئەمەیان نەکردوە بەلکو دژی چارەسەری کیشەی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستانن ، پێشنیاری سپاردنی دەکەن بە داهاتویەکی نادیار ، کە رۆشنە هەمو دواخستنیک سەرئەنجام بە زیان بۆ بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان و پرسی سەربەخۆی کۆتایی دیت.**

**لە تەوەریکی تری باسەکەدا دارا فەرەج رەخنەی لەو شیوازی ئیمزا کۆکردنەوەیە گرت کە لە کوردستان دەسەلاتداران ئەنجامی دەدەن و بە هەمان مامەلەی سەردەمیکی بەسەرچوی بەعسی شوبهاند وە رەخنەی لە شیوازی مامەلەی دەسەلاتداری کوردستان گرت ،کە ریگرن لە ئازادی و هەلبرینی دەنگی تر و بەدیلی تر کە لەدەرەوەی ئەوان بزوتنەوە وحیزب وریکخراوە جەماوەریەکان هەیانە ، و هەمیشە دەیانەویت هەموو نارەزایەتیەک لە کەنالی دەسەلاتەوە کۆنترۆل بکەن . کە بە زیانی بۆ هاولاتی کورد گەراوەتەوە .**

**لەکۆتای دا دارا فەرەج باسی لەوە کرد کە(پەیوەندی کوردی) بە دژی ئەو راپۆرتەو هەر هەولیکی لەو جۆرە لە رۆژانی داهاتودا خۆپیشاندانیک لەبەردەم قۆنسولی ئەمریکا لە شاری تۆرۆنتۆ سازدەکات و داوای لە ئامادەبووان کرد بەشداری بکەن لە و خۆپیشاندانەدا.**

**تەوەریکی تری کۆرەکە بەشداری ئازادانەی ئامادەبووان بوو بە خستنە روی سەرنج و تیبینی و پرسیار و وەلامی (پەیوندی کوردی) کەباس وخواستی کۆرەکەیان گەرم و گورتر کرد. ئامادە بووان ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانکە دەربری . ئەمە و کۆرەکە لە ناو شۆر وشەوق وپەرۆشی ئامادەبواندا کۆتایی هات .**

**پەیوندی کوردی**(KLAG)

18**ی دیسامبەری** 2006